تێمای (سەر) وەک مەدلوولێکی بێ شکۆ لە نێوان وەسڵ و فیراقی مەعشووقدا لای مەحوی

هەژار فەقێ سلێمان
(پەیانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی گەرمیان-کەلار)

١- زاراوەی تێما: لە بواری زانستی سروشتی و مرۆڤایەتیدا ناودێرکراوە، ئەوەی لێرەدا لەبارەیەوە دەدوێین، لە کایەی ئەدەب و گێڕانەوەی هونەریدایە، تێما لە ئەدەبدا بەواتای بابەت، یان ڕوونتر بڵێین بە واتای بابەت و فکرەی سەرەکی (central topic) دێت، تێما بەسەر دوو کاتیگۆریدا دابەش دەبێت، یەکەم چی بابەتێک لە دەقەکەدا هەیە، دووەم دەقەکە چۆن لەبارەی بابەتەکەوە دەدوێت، بەکورتی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئێمە دوای خوێندنەوەی هەر دەقێک بابەتێک زیاتر سەرنجمان ڕاکێشێت و بۆ خۆیان دەکێشێت و وامان لێ دەکات لەبارەیەوە ڕابمێنین و بیربکەینەوە و لەکۆتاییدا جێکەوتێک جێدەهێڵێت و بەو فکرە سەرەکییە دەوترێت (تێما)، ڕوونی و ئاشکرایی و دەرکەوتنی تێماش گرێدراوی ئاست و توانایی نووسەری دەقەکە پیشان دەدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە پێشاندانی تێما بەناڕاستەوخۆیی بەخشینی چێژە، چون وا لە خوێنەر دەکات ئەرکێکی عەودالّی بکەوێتە سەر و بەدوای تێمای سەرەکیدا بگەڕێت، ئەوەشی هەیە چێژی خوێنەرەکان بە پێی ڕاڤەی هێرمۆنتیکی دەگۆڕێت، واتا دەشێت دەقێک بۆ خوێنەرێک تێمایەک بێت، بۆ خوێنەرێکی تر فۆکەسی دەقەکە تێمایەکی تر بێت، هەر بۆیە ئەم باسەش هەڵگری جۆرێک لەم تێڕوانینەیە.

٢-دالی (سەر) لە زمانی کوردیدا: لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا کەمترین لێکدانەوە بۆ وشە دەکرێت لە چاو فەرهەنگی وڵاتانی تردا کە هەموو کێڵگە واتاییەکانی ئەو وشەیە لێکدراوەتەوە و بە ئەلفابێتی جیهانی دەربڕاوە، وشەی (سەر) لەزمانی کوردیدا بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت و وشەیەکی چالاکی نێو فەرهەنگ و زمانی کوردییە، بەزۆر واتا هاتووە وەک:

١- سەر وەک ئەندامی لەشی مرۆڤ.
٢-لای ژوورووی، یان سەرەوەی هەموو شتێک.
٣-لەبری (جار)، وەک: سەرێک هاتم بۆ لات.
٤-سەرقاپی شت، وەک: سەری شووشەکە شکاوە.
٥-ئاماژە بۆ مرۆڤێک و گیاندارێک، وەک: دە سەر خێزانین، چوار سەر مەڕم هەیە.
٦-پارەیەک کە لەباقی مامەڵە دەدرێت.
٧-لا، وەک: لەم سەر تا ئەو سەر بردوومەتە سەر وەستا.
٨-ئاکام، ئەنجام، وەک: تا سەر وا نابێت.
٩-خاتر، وەک: لەسەر تۆ وام لێهات.

جگە لەو واتانە دەشێت چەند واتایەکی تری هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە کە بە وشەیەکی چالاک دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا وشەی (سەر) لە زمان و دارشتنی وشەی نوێدا لەواتاکەی چالاکترە و توانایی وشەگەلێکی زۆری دارێژراو و لێکدراوی هەیە بۆ نموونە: (بەسەر، سەرەوە،

سەرانە، بێسەر، سەرئێشە، سەربڵند، سەرکۆمار، سەردەرکردن، سەردانەواندن، سەرچاوە، سەرکێش، سەرزل، سەرسوڵکەر، سەرچڵ، سەرگوڵ، سەرخەو...تاد)، کەواتە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە وشەی سەر لەچاو وشەکانی تری ئەندامانی مرۆڤدا وشەیەکی چالاکە.

٣-دالی (سەر) لە شیعری مەحوی دا: ئەگەر بەوردی گەڕانێک بە نێو شیعرەکانی مەحوی دا بکەین، ئەوە یەکێک لەو وشە ئەکتیڤانەی بەرچاومان دەکەوێت وشەی (سەر)ـە، لە چاو ئەندامەکانی تری لەشدا بەربڵاوتر و بەرچاوترە (سەر وەک نمایندە و بالاترین ئەندامی جەستە، جەستەیش یەکێکە لە دیارترین زاراوە سۆفیگەرییەکان و هەمیشە سۆفییەکان وەک هەڵگری نەفسی ئەمارە و بەجێگە و سەرچاوەی هەواو ئارەزووەکانیان زانیوە و ئازاریان داوە)، مەحوی هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ سەر ئەم وشەیە و لە دروستکردنی زۆرێک لە وێنە هونەرییەکاندا بەشداڕە، هاوکاتیش لە دروستکردنی بەشە ئاخافتنەکانی زمانیشدا بەشداڕییەکی چالاکی هەیە و وشەگەلێکی نوێی لێ چێ کردووە، بۆ نمونە وشەکانی (سەرقۆتین، سەربەستە، سەرنیگوون، سەرفراز، سەرگەشتەگان، سەردەفتەر، سەرڕێژ، سەرلنگ، سەرسام، سەراپا، سەرکز، سەردار...تاد)، ئەمەش نموونەیەکی کەمی ئەو بەکارهێنانانەی (سەر)ـە لای مەحویی شاعیر:

کە سەیری دەفتەری سەرگەشتەگان و خاکساران و
سیابەختانی کردن، دی هەموو، (مەحوی) بوو
سەردەفتەر ل١٣٢

فەلەک هەرگا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتییە
کە سەر بۆ گەینە پەت بێ، پێ لە کورسی و ئەسکەمل
چبکا ل١٥

ناوی هاروون، ئیسمی قاروون، ئیبتیدا ئیما دەکا
سەرفرازە سەرکز ئاخر، سەرنیگوونە سەرقەوی
ل٣١٧

بەرد ئەگەر سەر نەشکێنێ، بەچی ڕووڕەنگین ئەکا
کە لە پێ هەڵچەقێ ئەوسا ڕووخی گوڵنارییە خار
ل٣٣٧

تۆوی سەرخستووە بن خاکە، سەرئەفرازی بەر
هەر لە ڕێگای تەڵەبا بوو سەری دانا، دانا ل٣٥

٤-پراکتیزەکردنی بێ شکۆیی و سەر وەک قوربانییەک لە شیعری مەحوی دا:

مەحویی شاعیر بۆ ئەوەی «ئیخلاسی» و «دەرویشی»

مەحوی

و «زاهیدێتی» و «شەیدایی» و «سیدقێتی» و «گەدایی» خۆی لە هەمبەر مەعشووقدا ئیعلان بکات و خۆی بکاتە «قوربانی» و لە پێناوی «مەعشووقە»دا خۆی لە کونجی «عوزلەت» بئاخنێ و «جونون» و «جانفیدایی» خۆی بەدەربخات، پاشان مالّ و «جەستە»ی خۆی «عەتا» بکات لە پێناو «لیقا» و «غەمزە»ی مەعشووقەدا و دانیش بە «دەهەشتی» و «وەحشەتی» و «تەلەفبوون»*ی خۆبدا دەنێت، لە دواجاریش بۆ ئەوەی بە «بارەگاە»ی عیشقی یار بگا، هاتووە لە چەندان شوێندا داویەتی لە شکۆی (سەر)ی خۆی کە بەرزترین و بالاترین ئەندامی مرۆڤە و بن پێی یاری دەنێت و لە زۆرشوێندا لە قوڕی دەنێت و غولامانە دایدەنەوێنێت و دواجاریش ئامادەی دۆڕاندنیەتی لە پێناوی وەسڵ و لیقای یاردا.

بۆ ئەمەش هاتووین ئەم شەش بابەتەمان جیاکردووەتەوە کە دەچنە خانەی بێ شکۆیی و بەکەمزانینی سەرەوە:

١- دۆڕاندنی سەر وەک مەرجی سەرەتایی بۆ چوونە ناو مەیدانی عیشقەوە: ئەم بابەتە لای شاعیر و سۆفییەکان، هەڵگری مشتومڕێکی زۆرە، لای هەندێکیان عیشق وەک دەریا وایە و سەرەتایەکەی بە کەنار دەشوبهێنن و چوونە ناوەوەشیان بە قووڵایی دەریاکە ناودێر کردووە، ڕابەری ئەم لایەنگیرییە (حافزی

شیرازی)یەو لەدێرە شیعرێکدا کە یەکەم دێرە شیعری دیوانەکەیەتی دەڵێت عیشق سەرەتا ئاسان دەردەکەوێت، بەڵام کۆتاییەکەی کێشە و گرفت و گیرۆدەبوونە و دەڵێت:

الا یا ایها الساقی ادر کاسا وناولها
که عشق اسان نمود اول، ولی افتادة مشکلها

لایەنگرانی ڕای دووەم دەڵێن بەپێچەوانەوە مەیدانی عیشق سەرەتا و پێخستنە ناوی زەحمەتترە و لەوێوە مەولانای ڕۆمی وتەنی پاڵاوتنی عاشقەکان دەست پێ دەکات و مەولانا مەحوی وتەنی دەبێت لەسەر ببووریت و ببدۆڕێنی، ئیتر لەوێوە قاپی ئەو مەیدانە واز دەبێت:

وەک لە دێرە شیعرەکەدا مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی دەڵێت:

عشق از اول چرا خونی بود
تا گریزد انکه بیرونی بود

مەولانا مەحویش دەڵێت:

تا نەبووری تۆ لەسەر، ڕێ ناخەیە مەیدانی عیشق
سەر لە پێشی پێ دەبێ لەم ڕێگە دانێی (اولا) ل۲۹

یان لەدێرێکی تردا دووپاتی دەکاتەوە کە خەو بەسەرداریی عیشقەوە مەبینە بێ سەردانان و چوونەسەردار و دەڵێت:

لە ئولکەی عیشقەدا بێ چوونە سەردار
بە ئاسانی مەزانە بوونە سەردار ل ۱۱۹

۲-قۆڕ بەسەرخۆدا کردن:

ئەم جۆرە کولتوورە لە ناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا باوبووە، کە زیاتر ئەمە بۆ مردنی ئازیزێک بووە، ئەمەش زۆرجار نیشانە و ئاماژەیەک بووە بۆ گەڕانەوەی یەکجاری مرۆڤ بۆ ناو خاک و گڵ، کە چارەنووسی هەموو مرۆڤێکە، مەحوی ش لێزانانە ئەم تێمایەی لە زۆر شوێندا بەرباس داوە و زۆرجار لە هیجر و نەبینینی مەعشووقدا، یان وەک ئەداکردن و حەقپێدانی مەحەبەت لێی ڕوانیوە، کردارێکی وەهای بیرکەوتووەتەوە و بەسەر سەری خۆیدا هێناوە، وەک لەم دێڕانەدا دەڵێت:

دینتم ئیمانە خۆ، کوفرە نەگەینم بەتۆ
قۆڕ بەسەرم، دینە: چوو، کافرییە بوو ئەوە ل۳۷

هەروەها دەڵێت:

شوکر یار ئیزنی دام هەم گریە کەم هەم قۆڕ بەسەردا کەم
بەجارێ شاهی من بەحر و بەڕی بەخشی بە دەرۆێشی ل ۳۰۳

چ حاڵە، قۆڕبەسەر حەتتا بە حاڵم پێکەنینی دێ
بە دەست ئەطواری تۆوە قۆڕبەسەر خۆم، ئەی دڵەی بەدخوو ل۲۶۲

قۆڕێ بکەم بەسەرا یا بە دادڕینی بەرۆک
حەقی مەحەببەت ئەدا کەم، بدەی خودایا دەست ل۷۰

۳- بەسەر سەر ڕۆێشتن لە بری پێ:

بابەتی ئەرک پێدان بە شتەکانی دەوروبەرمان، دەچێتە قاڵبی میتافۆربوونەوە، پێدانی ئەرکی (ناو) دیارترین و باوترین میتافۆرە وەک (پرچی شیعر و باڵی گوناە و پەنجەی ناسۆر و چنگی مەرگ و...تاد)، هێند هەیە لەو شیعری ترکە شیعرییەتی زیاتر بە دەقەکە دەبەخشێت، پێدانی ئەرکی (کردار)ـە وەک بینین بەچاوی دڵ لای مەحوی خەبەردانی دڵ و لەبری نیگاکردن نیگاگرتن لای مەحوی و...تاد، مەبەستمانە بڵێین مەحوی ئەرکی ڕۆیشتن کە ئەرکی (پێ)یە لە زۆر دێڕی بەرچاودا بە (سەر)ی داوە و لە شکۆی سەری کەم کردووەتەوە و وەک ڕێزنواندنێکیش بۆ مەعشووقە کەوتووەتەوە و گلەیی پێشە هاتووەتە سەر، جوانترین ئەو وێنانەی نێو دیوانەکەی خۆی پێ ڕازاندووەتەوە، وەک لەم دێڕانەدا دەڵێت:

گلەی پێشم لەسەر سەر هەم بووە بار
کە دی من دولبەرم هات و بەسەر چووم ل۲۲۵
سەرت پێ لازمە مەیبازە (مەحوی)
دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بەسەر چین ل۲۵۰
بە پیر ئەو ڕۆژەوە (مەحوی) ئەوەندە
بەسەر چووبوو، وەک شەونم لەسەر کەوت ل۸۹
بەپیر ئەو ماهەوە چووم و بەسەر چووم
پەری بوو، ئەو نەبوو، شەوبوو، بەسەرچووم ل۲۲٤
بڵا نەیشیگەمێ، هەر بۆ سەرئەفرازی بەسەر نەک پێ
بە ڕێگەی یاردا (لا بد منە)ـە دوو بەدوو ڕۆیین ل۲۵۱

٤- سەرخستنە بەر پێی مەعشووق:

ئەمەش یەکێکە لەو تێمایانەی کە مەحوی لە ڕێگەی سەرەوە زۆر وێنەی جوان و ناوازەی دەربڕیوە و هێندەی تر لە بایەخ و ئەهمییەتی سەری کەم کردووەتەوە و تاڕادەی خستنە ژێر پێی یار بەو مەبەستەی بە پێی بگات، کەچی یاریش باکی لە هیچ یەکێک لەو پێشنیارانە نییە، وەک شاعیر دەڵێت، بەمێزەرەوە سەرم خستە بەرپێی، کەچی

دەڵێت مەحوی بەنیازە بە تووڕێکی پووت بمخەڵەتێنێ، لێرەدا تەشبیهێکی ورد بەدی دەکرێت و کۆمەکی بابەتەکەمان دەکات بەوەی کە یار سەر و میزەری مەحوی بە تووڕێکی پووت دەشوبهێنێت و لە دێڕەکەدا دەڵێت:

بەر پێی ئەوم، بە میزەرەوە سەر کە نا، وتی:
(مەحوی) تەمایە بمخەڵەتێنێ بە تووری پووت ل٨٤

هەروەها لەسەر هەمان ئەو تێمایە دەڵێت:

غوڵامانە سەرم دانا لەبەر پێیا وەک زوڵفی
کەچی ئەو هەر منی خستووەتە پشت گوێ وەک غوڵامانە ل٢٧٧

ئەوەی جێگەی سەرنجە مەحوی بۆ شادبوونی بە وەسڵی هەر ئامادەی سەربەخشین بووە و سەری مادەی دانەواندووە لە پێناو بەرزی سەری مەعنەویدا (ئەمەش بۆخۆی هەڵگری باسوخواس و مشتومڕێکی تر)و لەم دێڕانەشدا بە سوود وەرگرتن لە تێمای سەرخستنە بەرپێی، دەڵێت:

ڕێی دا لە قاپیا بمرم، پێشی سەر سەرم نا، وا گەدا دەبێ بە خوداوەندی تەخت و تاج ل٩٢
پێی بە سەرما نا کە بوومە خاکی ڕێی، گەردم شوکر گەیبە داوێنی، دەڵاڵیی بای شەمااڵم بۆچیبە ل٢٩٢
مەحاڵە بێت و ئەو پێ سەر سەرم نێ
بە تاجی پادشا ناگا گەدا قەط ل١٥٩

٥- سەردانان لەپێناو سەرفرازی:

ئەم بابەتەش یەکێکە لەو بابەتانەی کە سەر تێیدا قوربانییە و بە دۆڕاندن و سەرداپۆشین و سەردانان و لەسەردانی سەر، دواجار سەرفرازی و خەڵات و وەسڵی یاری بەنسیب دەبێت، ئەمە جگە لەوەی مەحوی لە دواچۆڕی بابەتەکەدا دەڵێت، ئەمە سەردانانە کات و ساتی دیاری کراوی بۆ نییە و وەک کار و ئەرکێکی هەمیشەی و جاوید و سەرمەدی تەماشای دەکات، هەروەک لەم دێڕانەدا مەحویی شاعیر دەڵێت:

بە هیچ ئینسانی کامیل هیچ نییە سەربەستە و پابەند خەڵاتی عیشقە (مەحوی) کە من سەرقۆتینم و پێ ڕووت ل٣٣٢
لەبەر دەرگاهی عیشقا یەکسەرە هەرکەس سەری دانا ئەگەر پەتیارەیەک بوو، بوو لە سەد عەللامە داناتر ل١٢٦
ڕەهڕەوی ڕێگەی مەحەببەت وا دەبێ، هەر سەعیەتی تا هەیە لەم ڕێگە ئاخر کاری سەردانانە ڕۆژ ل١٣٧
هاتووەتە سەر ئەمە لەسەرت دا، سەر هەڵبڕە
(مەحوی) ئەم ئیشی خێرە لەسەر تۆیە ماوە عەوق ل١٨٤

٦-سەراسیمە و شێواوی سەر:

ئەمەش بەهەمان شێوەی ئەو تێمایانەی تر یەکێکە لەو مۆتیڤانەی کە سەر تێیدا بە فۆکەس و تیشکۆی دەقەکە دادەنرێت و مەحوی دەڵێت لە ئاست جوانی و فەتتانی و عەییاری یاردا سەرم شێوا و ڕۆژم ڕەش و حەواسم جودایە و ئاگام لای خۆم نییە و حاڵوباڵم پەریشانە و دەڵێت:

سەرم شێواوی شێوە فیتنەهەڵگیرسێنی شۆخێکە
حەواسم تەفرەقەی عیشوەی دڵئاشووبێکی عەییارە ل٤٦١
سیابەختی لە مەجنوونی من ئیتر چی دەوێ (مەحوی)
سەرم شێواوە، ڕۆژم تیرەیە، حاڵم پەریشانە ل٢٧٩

* جێی ئاماژە پێدانە، هەموو ئەو زاراوانەی نێو جووت کەوانەکان زاراوەی سۆفیگەرین.

سەرچاوەکان:

١-فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، هەژار، چاپی چوارەم، تاران، ١٣٨٤.

٢-فەرهەنگی خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣-دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەولێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلاکریم)، انتشارات کردستان، چاپی سێیەم، سنندج، ١٣٨١هەتاوی.

٤-سۆفیگەری، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، د.ئیبراهیم احمد شوان، لەبڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ڕستە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٤.

٥-مەحوی نامە، پ.د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی مناڕە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

٦-ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی و فارسیدا، بەتایبەتی لای مەحوی و حافزی شیرازی، سەبوور عەبدولکەریم (شکار)، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی٢٠٠٩.

٧-لاواندنەوە لە شیعری کوردیدا، ئاشنا جەلال ڕەفیق، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٤.

٨-پێز و بەرهەمی وشەی سەر لە زمانی کوردیدا، پ.ی.د. فاروق عومەر صدیق، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ:٤٢، ئەیلولی ٢٠١٣.